# پرسیاری نمونەیی بابەتی دانیشتوان

١) ئامانجەکانی دانیشتواننناسی چیین؟ باسیان بکە

٢) مەبەست لە دانیشوانناسی چییە؟

٣) باسی چەمکی دیموگرافیا بکە

٤) مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی چییە؟ باسی بکە

٥) دانیشتوان و کۆمەڵگا پەیوەستن بەیەکەوە؛ ئەم دەستەواژەیە تاوتوێ بکە

٦) بوار و مەرجەکانی هەر لقێکی زانستی سەربەخۆ چیین؟

٧) مەرجەکانی دانیشتواننناسی چیین؟

٨) لەبارەی چەمکی ڕەهەند بدوێ

٩) پەیوەندی دانیشتواننناسی بە کۆمەڵناسیەوە ڕوونبکەوە

١٠) پەیوەندی نێوان دانیشتواننناسی بە مرۆڤناسییەوە بخەڕوو

١١) پەیوەندی دانیشتواننناسی بە ئاماری کۆمەڵایەتییەوە ڕوونبکەوە

١٢) بیرکردنەوەی دانیشتوانی لای یۆنانییەکان؛ تاوتوێ بکە

١٣) بیری دانیشتوانی لای ئەفلاتون بخەڕوو

١٤) باسی هزری دانیشتوانی لای ئەرستۆ بکە

١٥) کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان و کۆمەڵگا لەڕوانگەی ئەرستۆ چۆنە و چی بکرێت؟

١٦) دانیشتوان لە هزری هند و چین و گەلانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا؛ لەسەر ئەم دەستەواژەیە بدوێ

١٧) سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە دانیشتواننناسی وەک لقێکی سەربەخۆ بخەڕوو

١٨) جۆن گرۆنت سەرچاوانەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پشتی پێ بەستبوو چیی بوو؟

١٩) مەبەست لە قەبارەی دانیشتوان چییە؟

٢٠) ئەو چەمکانەی دەربارەی قەبارە بەکاردەهێنرێت چین؟ باسیان بکە

٢١) ئەو هاوکێشەیە بخەڕوو کە بۆ زانینی زۆربوون یان کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوان بەکاردێت

٢٢) باسی ڕەنگدانەوەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بکە

٢٣) زۆربوونی دانیشتوان لە ڕوانگەی فردیناند تونێز بخەڕوو

٢٤) گرنگی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە ڕوانگەی ئەمیل دۆرکهایم بخەڕوو

٢٥) باسی بەپیتی بکە

٢٦) ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر بەپیتی هەیە وەک هۆکارێک لەسەر قەبارەی دانیشتوان هەیە؛ بیانژمێرە

٢٧) جیاوازی ژینگەیی دانیشتوان چییە؟

٢٨) جیاوازی لە بەپیتی جەنجاڵی و قەرەباڵغی شارەکان چییە؟

٢٩) جیاوازی بەپیتی و جیاوازی ئاستی زانستی چییە؟

٣٠) یەکێک لەو ڕێگایانەی ئاستی بەپیتی پێ دەپیورێت بخەڕوو

٣١) سروشتی زۆربوونی دانیشتووان واریـن تۆمسن لە ساڵی ١٩٢٩ ئاماژەی پێکردووە سێ قۆناغی جیاواز باس دەکات، تاوتوێ بکە

٣٢) هۆکارەکانی مردن بخەڕوو

٣٣) ئامارکردنی مردن ئاماژە پێ بکە

٣٤) ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هۆی بەرزبوونەوەی قەبارەی دانیشتووان لە جیهاندا لە ١٦٥٠ تا ١٩٤٠؟

٣٥) مەبەست لە پێکهاتەی دانیشتووان چییە؟

٣٦) لەچەند ڕوانگەوە سەیری پێکهاتەی دانیشتووان دەکرێ ڕوونی بکەوە؟

٣٧) مەبەست لە پێکهاتەی بایەلۆجی دانیشتوان چییە؟

٣٨) مەبەست لە هەژمارکردنی ڕادەی بەخێوکردن چییە؟

٣٩) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چییە؟ باسی بکە

٤٠) جیاوازیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت؛ ئەم دەستەواژەیە تاوتوێ بکە

٤١) مەبەست چییە لە دابەشبوونی دانیشتوان؟

٤٢) جۆرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بژمێرە و باسیان بکە

٤٣) هۆکارەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بژمێرە

٤٤) ئەو هۆکـــارە سروشـــتییانە ڕوونـــبکەوە کە کاریگەرییـــان بەســـەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە؟

٤٥) گرنگتـــرین بوارەکـــانی بەدەرکەوتنـــی کـــاریگەری هۆکـــارە ئابورییەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بخەڕوو

٤٦) رۆلی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوان بخەڕوو

٤٧) پێناسەی چڕی دانیشتوان: (كثافة السكان) بکە

٤٨) مەبەست لە رەوکردنی دانیشتوان: (هجرة السكان) چییە؟

٤٩) هێلکاری بنەماکانی پۆلێنکردنی رەوکردن بخەڕوو

٥٠) ڕەوکـــردن لەبـــارەی ســـنوری سیاســـی وڵاتەوە؛ چەنـــد بەشـــێک دەگرێتەوە؛ باسی بکە

٥١) کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەوکردنی دەرەکی چیین؟

٥٢) بەشەکانی ڕەوکردن لە بارەی خواست و ویستەوە ڕوونبکەوە

٥٣) ڕەوکردن لە ڕووی کاتەوە دەکرێتە چەند بەشێک؛ باسیان بکە

٥٤) مەبەست لە ڕەوکردنی ناچاری چییە؟

٥٥) مەبەست لە ڕەوکردنی زۆرەملێ چییە؟

٥٦) ئاماژە بە ڕەوکردنی ناوەخۆیی و دەرەکی بکە

٥٧) مەبەست لە ڕەوکردنی بە ئارەزوو چییە؟